www.kurdistannet.org
25-2-2003 12:54

# ڕێوی لە پێستی شێر خۆی حەشار داوە

**هیمداد ڕەنجەڕۆ**

پێش هەموو شتێك لە ئانوساتێكی وەك ڕۆژی ئەمڕۆ سلاّوو ڕێزی خۆم پێكەشی ئەو كەس و لایەنانە دەكەم كە ئەگەر درەنگیش بێت هەڵوێستی خۆیان دژ بە داگیرکەرانی تورك نیشان دەدەن و بەكێشكردن و دەستێوەردانی توركیا بۆ باشوری كوردستان مەحكوم دەكەن، هەروەها پێویستە مرۆڤ لەو لایەن هەرچیەكی لە دەستی دێت ئەنجامی بدات. بەلاّم مرۆڤ ئەگەر سەرچاوەی شتێك نەزانێت ڕەنگبێت توشی دڵە ڕاوكێ و دودڵیەك ببێت و بەخۆشی نەزانێت چۆن تیایدا ئەكەوێت، من لەم ڕۆژانە كاتێ تەماشای ڕۆژنامەو ماڵپەرەكانم كرد ئەوەندە بابەت دژ بە هاتنی سوپای تورك بۆ باشور نوسراوە كەیفم هاتوو ووتم ئۆخەی خۆ كورد لە خەوی غەفلەت هەڵسا تا دوێنێ تورك بەتەنیا دوژمنی PKK و KADEKبوو خۆ ئەوڕۆ زۆر كەس هەستیان بەوە كرد كە سیستەمی كەمالیزمی ئێستای توركیا جیاوازی ناخاتە نێو هیچ كوردێت و دۆستی هیچ كامێكیان نیە، بەلاّم كاتێ لەسەر ماڵپەری كوردستان نێت وورد بومەوە لێدوانێكم بینی بەناوی YNDKلە شوێنی خۆم حەپەسام و زمانی خۆم گەستەوە، لە هەمووشیان گرنگ ترو سەرسوڕهێنەرتر ڕێكخراوی ئاماژەبۆكراو نەك بەتەنیا هەڵوێستی وەرگرتوە گوایە پێشەنگایەتی كۆبونەوەیەكی كردووە و چەند حزب و لایەنی تریش بەشداریان كردووە و هەڵوێستیان دژی دەست تێوەردانەكەی تورك دەربڕیوە. من جارێكی تر دووبارەی ئەكەمەوە هەڵوێست وەرگرتن دژ بەتوركیا هەڵوێست و دڵسۆزیە لە بەرامبەر نیشتیمان، بەلاّم جێی داخە لایەنێك كەپێشتر بۆ مەبەستێكی تر دروست كراوە ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ئەو ئامانجەی كەبۆی دروست بووە خۆی نیشانی خەڵك ئەدات. وەكو هەموو لایەك ئەزانن ساڵی 1995یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان لەلایەن چەند ڕۆشەنبیر و نیشتیمان پەروەری شۆڕگێڕی باشوری كوردستان بەتایبەتیش ئەوانەی ئاشنایەتیان لەگەڵ پارتی كرێكارانی كوردستان و بزاڤی ئازادی نەتەوەیی هەبوو ساز كرا، ئەو ڕێكخراوە زیاتر بە مەبەستی پاراستنی باشور لە هەڕەشەكانی توركیا و سنوردانان بۆ چالاكی میت و بەكارهێنانی توركمانە كان كاری ئەكرد ناوەندەكەشی لە هەولێر بوو، بەلاّم دوای ئەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان بەڕێنمایی توركیا شمشێڵی خۆی شان بەشانی میت و توركمانە میتكراوەكان هەڵكشاند چەند كەسێكی وەك (غەفور مەخموری) شیان خزاندە ناو ئەو پارتە بەمەبەستی پارچەكردن پاشان ئەو كەسانەی كە بەمەبەست دزەی نێو ئەو ڕێكخراوەیان كردبوو هیچیان پێ نەكراو گەڕانەوە ئەو منداڵدانەی كەلێی دەركەوتبون واتە پارتی دیموكراتی كوردستان ڕایانگەیاند كە گوایە ئەوان YNDKیان دروست كردووە و پارتی كرێكارانی كوردستان خۆیان بەسەردا فەرز ئەكات و بۆ ئەوە ئەوان جیابوینەتەوە لە ڕاستیدا سێ كەس و نیو بون یان نا، ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە كە دوای ئەوە بۆ بێهێز كردنی ڕێكخراوی ڕاستەقینە دامەزرێنەری ئەو ڕێكخراوە د. سیروان لە دوای 31ئابی 1996لە ناوچەی چەمی ڕێزان لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستان بە پلانێكی نهێنی شەهید كرا، ڕێكخراوی كۆپی كراویش شەوو ڕۆژ وەك دەزگایەكی میتی توركیا بەتایبەتیش لە دوای 16ی گولانی 1997چاودێری ئەو كەسانەی ئەكرد كە پێشتر پەیوەندیان لە گەڵ د. سیروان و YNDKدا هەبووە، هەر لەوچوارچێوەیە چەندین كەسی ڕۆژنامەوان تێكۆشەریان گرت و تائێستاش لە زیندانی ئاكرێن بە بیانوی ئەوانە چالاكی تەقینەوەیان دژ بە بارەگاكانی میت كردوە كەلە ژێر پێستی توركمان كاریان دەكرد، بەلاّم ئەمڕۆ ئەو ڕێكخراوە كۆپیكراوە كەلە ژێر باڵی PDKیە پێش ئەوەی خۆی بكات بە پێشەنگی سیاسەتی نەتەوەیی و بانێكەو دوو هەوایە پێویستە لەخۆیاندا ڕەخنە لە سیاسەتە كلاسیكیە كانی پارتی دیموكراتی كوردستان بگرن كە بەلایەنی كەمەوە 11ساڵ خزمەتی توركی ئەكرد و لەبەر خاتری چاو ڕەشانی تورك چەندین جار شەڕی ناوخۆیی و هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی گەلەكەمان شەهید بوون، بۆیە هەڵوێست وەرگرتن دژ بەتوركیا شتێكی ڕاست و بەجێیە بەلاّم پێش ئەوە داوای لێبوردن لە شۆڕشگێران و دایكی

کوڕو کچانی هەولێر بکەن کە لەساڵی 1997شان بەشانی هێزی تورکمان و میت و هێزی بەناو ئاشتی پارێز شەهیدتان کردن. حەبف و مخابن بۆ پارتێکی وەك حزبی شیوعی کە ئەگەر ڕابوردویەکی سەرکەوتوشی نەبێت بەلاّم رابوردویەکی خراپیشی نیە ئەمڕۆ بوەتە پاشکۆی ڕوداوەکان و خۆی لە ماڵی ئەوان قورتاندووە

لەکۆتاییدا پرسیار ئاراستەی بەرپرسیارانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم ئایا بۆتان ڕون بووەوە کە تورك باوکی کورد و دۆستی کورد نیە بەتەنیاش دوژمی باکور نیە، ئایا بۆتان ڕون بوەوە کە ئەمریکا چی بۆ یاسر عەرفاتی سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاری خوازی فەلەستین کرد، هەر ئەوەندەش بۆ کورد ئەکات، وەکوتر دەمەوێت ئەوە ڕون بکەمەوە کە پێنج مانگ بەر لە ئێستا پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان زنجیرەیەك چالاکی دژ بە دەستێوەردانی تورکیا لەسەر باشوری کوردستان سازکرد و بەتایبەتی لە شاری بەرلین داوای پشتگیری و بەشداری کردنیان لە بەرپرسیارانی PDK کردبوو، بەلاّم بەرپرسیارانیان نەك بەتەنیا وەلاّمێکی پۆزەتیفیان نەدابووەوە بەڵکو، ووتبویان ئێمە ئەم چالاکیە مەحکومیش ئەکەین چونکە ئێوە هاتنی تورك مەحکوم دەکەن. جالێرەدا پێویستە بەرپرسیارانی ئەو پارتە لەگەڵ ڕێزم بۆیان سود و پەند لەو ئەزمونە وەربگرن و دۆستی دوێنێ دوژمنی ئەوڕۆ و هەزار ساڵتانە.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003